هاوکار بە لەباس کردنێك سەبارەت بەبازاڕی کار!

نزیکەی دوو هەفتەی تر وتووێژکارێك لە ناوەندیی ئامارەوە (Statistiska centralbyrån) تەلەفۆنت بۆ دەکات. ئەو کەسەبەهیوایەبۆی هەبێت چەند پرسیارێکت ئاراستەبکات دەربارەی ئەو بارودۆخەی کەتێیدای- جا کار بکەیت، لەکار بگەڕێیت، خانەنشین بیت یاخود خەریکی شتێکی دیکەبیت. ئەو پرسیارکردنە، بەشێکەلەلێکۆڵینەوەیەی هێزی کار (Arbetskraftsundersökningen)، ئەمەلێکۆڵینەوەیەکەلەزۆربەی وولاتاندا هەیە.

فەرمانێکە لە پەرلەمانەوە

لەسویددا ناوەندیی ئامار (Statistiska centralbyrån) لێکۆڵینەوەکەئەنجام دەدات. ئەمەش دەزگایەکی دەوڵەتییە، بەرپرسە لە باسکردنی سوید بەژمارەو ئامار. لێکۆڵینەوەکە بە فەرمانی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت

وەڵامەکانت کاریگەرن

وەڵامەکانت گرنگن. گەر تۆ کار بکەیت یاخود نەیکەیت، وەڵامەکان بۆ بەرچاوخستنی بازاڕی کاری سوید زانیاری بەخشن.

وەڵامەکانی هەموو کەس کۆدەکرێتەوەو دەبێتەئامارێك کەوەسفی بەنمونەبێکاری و کاتەکانی کارکردنی مرۆڤ دەکات. ئامارەکە دواجار لە نێو زۆر شتی دیکەدا لایەن پەرلەمان و حکومەتەوە بەکاردەهێندرێت بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی سوید، یاخود کاتێك تەلەفیزۆن و ڕۆژنامەکان ڕاپۆرت دەدەن لەسەر بازاڕی کار.

وەڵامەکان پارێزراون

تەواوی ئەو کەسانەی‌کار لەتەك ئەم لێکۆڵینەوەیەدەکەن، ئەرکی نهێنی پاراستنیان هەیە. لەبەر ئەوەنەکەسانی تر و نەهیچ فەرمانگەیەك ناتوانن بزانن تۆ چیت وەڵام داوەتەوە.

کەس ناتوانێت جێگەی تۆ بگرێتەوە

ئێمەی‌ناوەندی ئامار (Statistiska centralbyrån) مانگانەپەیوەندی بەنزیکەی 29500 کەسەوەدەکەین. بەتایبەت تۆ تەنها بەڕێکەوت هەڵبژێردراویت.

ناکرێت کەسێکی دیکەشوێنی تۆ بگرێتەوە. لەبەر ئەوەئەگەر دەرفەتی بەشداری کردنت هەبێت ئەوا ئامارەکەدڵنیاتر دەبێت.

سەبارەت بەوتووێژەکە

وتووێژەکەبەتەلەفون ئەنجام دەدرێت و 5 تاوەکو 10 خولەك دەخایەنێت. گەر بتەوێت بەزمانێکی دیکەجگەلەسویدی وتووێژەکەئەنجام بدەیت، ئەوا دەتوانین ئێمەئەوەت بۆ بڕەخسێنین ئەگەر بەژمارەی تەلەفونی 30 65 17-019 پەیوەندی بکـــەیت، یاخود نامەیەك بنێریـت بۆ aku-tolk@scb.se.

وەڵامەکانت‌گرنگن، ئاواتەخوازین بەشداری بکەیت.

لەگەڵ ڕێزماندا!

حەسەن میرزا Hassan Mirza

بەڕێوەبەری لێکڵینەوەی هێزیکار

پرسیارگەلی گشتی
08-506 942 60
aku@scb.se

بۆ حیجز کردنی ووتووێژ
بەزمانێکی تر یاخود زمانی نیشانە
019-17 65 30
aku-tolk@scb.se

www.scb.se/aku

Statistics Sweden

Statistiska centralbyrån

ئایە ئەم لێکۆڵینەوەیە کێی لەپشتە؟

ناوەندی ئامار (Statistiska centralbyrån)لەپەرلەمانی سویدەوە ئەرکی پێ سپێردراوە کە لێکۆڵینەوە لەسەر هێزی کار (Arbetskraftsundersökningen) ئەنجام بدات.
ئەو لێکۆڵینەوەیەلەزۆربەی وڵاتاندا ئەنجام دەدرێت، و لەساڵی 1959 لەسوید هەبووە. ئەمەبەشێکەلەئامارەفەرمییەکانی سوید، واتەبۆ ئامانجێکی بازرگانی بەئەنجام ناهێنرێت.

وەڵامەکانم بۆ چ مەبەستێك بەکار دێن؟

وەڵامەکانی تۆ و کەسانی تر بۆ باسکردنی بازاڕی کار بەکار دەهێندرێن، بۆ نمونە بێکاریی، چەند کەس دامەزراوەی هەمیشەیین و کاتی کارکردن. ژمارەی بێکاران کە زۆر جار لە تەلەفیزیۆن و میدیاکاندا باسی لێدەکرێت سەرچاوەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

کێن ئەوانەی ئەنجامەکان بەکار دەهێنن؟

پەرلەمان،حکومەت، پارتە سیاسیەکان، ڕۆژنامەکان، تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ، کۆمپانیاکان، سەندیکاکان، توێژەر و خوێندکاران و کۆمەڵگە - هەموو ئەمانە نمونەی ئەوانەن کەم ئەم ئامارەبەکاردەهێنن.

بەرئەنجامەکان لەکوێ بڵاو دەکرێنەوە؟

ئامارەکەلەماڵپەڕی www.scb.se/aku (SCB). مانگانەبڵاودەکرێتەوە. هەروەها باوە بەرئەنجامەکان لەتەلەفیزیۆن و میدیاکان و ڕاپۆرت و بەراووردکاری نێودەوڵەتیدا پێشکەش بکرێن

بەشداربوونم چی دەگەیەنێت؟

بەشداربوونت لەم پرۆسەیە یارمەتیدەرە بۆ پیشاندانی بارودۆخی بازاڕی کار لەسوید. واتە دیاریکردنی ڕێژەی ئەو کەسانەی کاردەکەن و، هەروەها ڕێژەی ئەو کەسانەیش بێکارن. لەم ئامارەدا بەشداربوونت لەبری 300 کەسە، واتە وەڵامەکانت کاریگەرن.

ئەگەر بەشدار نەبم چی ڕوو دەدات؟

بەشدار بوون بەزۆر نیە، بەڵام تا ژمارەی وتووێژەکان زیاتر بێت باسکردنی بازاڕی کار ڕاستتر و دڵنیاتر دەبێت. بەهەمان شێوەوەك زانیاری گرنگە،بۆ نمونەکاتێك پەرلەمان و حکومەت بڕیار بۆ دواڕۆژ دەردەکەن.

بۆ بەتایبەت من بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردراوم؟

پێش هەر لێکۆڵینەوەیەکی مانگانە نزیکەی 29500 کەس لەتۆماری دانیشتووان هەڵدەبژێردرێن. تەنها بەڕێکەوتەکەناوی ئەو کەسانەدەردەچێت. تاکەشت لەدەستی ئێمەدا ئەوەیەکەتەمەنی جیاواز و ناوچەی جیاوازیلەسویدا تێدابێت.

دەتوانن کەسێکی تر لەجێگەی من هەڵبژێرن؟

ئەگەر نەتەوێت بەشداربیت ئەوا ئێمە کەسی تر لە شوێنی تۆ هەڵنابژێرین. ئەگەر ئەو کارەبکەین ئەوا جڵەوی ڕێکەوت دەگرینەدەستی خۆمان و ئەوەش کاریگەری خۆی دەخاتە سەر ئەنجامەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کار ناکەم هەر بەشداریی بکەم؟

بارودۆخی هەموو مرۆڤێك، جا ئیش بکەن یان نا، لەپێناوی پێشکەش کردنی وەسفێکی تا بکرێت ڕاستەقینەی بازاڕی کاردا گرینگی خۆی هەیە. ئەگەر تەنیا لەگەڵ کارگەردا وتووێژ بکەین، ئەوا وێنەیەکی هەڵەی بازاری کارمان بەدەست دەکەوێت.

تەمەنم لەخوار 18 ساڵبێت یاخود لەسەرووی 65 ساڵ، پێویست دەکات بەشداریی بکەم؟

هەر کەسێك تەمەنی نێوان 15 تا 74 ساڵانەئامار دەیگرێتەوە. بەمەسوید بەراود دەکرێت بەوڵاتانی تر کەتەمەنی دەست بەکارکاردن و کۆتایی پێهێنانی کاریان لەچاو ئێرەجیاوازە.

من هاوڵاتی سویدی نیم، دەکرێت منیش بەشدار بم؟

بەڵێ، بێ ڕەچاوکردنی هاوڵاتێتی، ئامارەکە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو کەسانەن لەسوید دەژین.

دەبێت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە؟

نەخێر، دەتوانیت ئەو پرسیارانەجێهێڵیت کەناتەوێت وەڵامی بدەیتەوە. بەشێک لەپرسیارەکان بۆ نمونە ئەوەی کە ئایا تۆ کاردەکەیت یان نا، دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە بۆ ئەوەی کەوتووێژەکەئەژمار بکرێت. بەڵام ئەوە شتێکەکە کەسی ئەنجامدەری وتووێژ دەیزانێت.

ئایا هیچ زانیاریەکی پێشکات لەسەر من کۆدەکرێتەوە؟

بەڵێ، بۆ ئەوەی کەپێویست نەکات پرسیارێکی وا بکەین کە لە SCB دا بوونی هەیە، ئەوا زانیاریی دەربارەی ئەدرەس، وڵاتی لەدایک بوون، ساڵی کۆچکردنت، پلەی خوێندن، ناوی شوێنی کار و ئەدرەس و بواری پیشە، هەروەها بڕی داهات لەتۆماری ئێس سی بی دەهێنرێن (ئەگەر زانیاریەکان هەبن).

ئایا وەڵامەکانم نهێنین و پارێزراون؟

بەڵێ، هەموو ئەوانەی کە لەسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەکار دەکەن ئەرکی نهێنی پاراستنیان لەسەرە.هەموو زانیاریەك سەبارەت بەتۆ پارێزراوە. بەپێی بڕگەی24، پەرەگرافی 8 لە یاسای ئاشکراکردن و نهێنیپارێزیی (offentlighets- och sekretesslagen)(2009:400).

وەڵامەکانت لەگەڵ وەڵامی کەسانی تردا کۆدەکرێنەوەو خشتەو دیاگرامیان لێ دروست دەکرێت.

ئەگەر وەڵامەکان لە(SCB) بگاتەلایەنێکی تر لەپێناوی بەکارهێنانیان بۆ ئامار یاخود شیکردنەوەی تردا، ئەوا تەواوی ئەو زانیاریانە لادەبەین کە پێناسەی تۆی پێ ئاشکرا دەبێت.

تەواوی زانیاریەکان بەپێی یاسای (2001:99) دەربارەی ئامێری گشتیی و یاسای زانیاری کەسایەتی (1998:204) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. SCB لە مامەڵەکردنەکە بەرپرسیارە. تۆ مافی ئەوەت هەیەساڵی جارێک بەخۆڕایی زانیاری وەرگریت سەبارەت بەو زانیاریانەی کەسیی تۆوەلەفەرمانگەکەمامەڵەی پێدەکرێت.

ئایا وەڵامەکانم لەلایەن دەزگاکانی ترەوەکۆنترۆڵ دەکرێن؟

نەخێر. کەسانی تر یاخود دەزگاکانی تری دەوڵەت هەرگیز ناتوانن بزانن تۆ چۆنت وەڵام داوەتەوە. ئەوەش بەیاسای ئاشکراکردن و نهێنیپارێزی ڕێسای بۆ دارێژراوە.

ئامانج لەلێکۆڵینەوەکە ئەوە نیە کە کۆنترۆڵی کەسێك بکرێت، بەڵکو تەنها بۆ باسێکی بازاڕی کارە، هەتا بکرێت بەشێوەیەکی باش.

ئایا ئەو وتووێژەچەند دەخایەنێت؟

وتووێژەکەلەتا 5-10 خولەك دەخایەنێت.

چ کاتێک تەلەفۆن دەکەن؟

ئێمە هەمیشەهەفتەیەك تا دوو هەفتەدوای گەشتنی ئەم نامەیەتەلەفون دەکەین.

یەکێک لەبەشەگرنگەکانی ئامارەکە بریتیەلەگۆڕانکاریەکانی بازاڕی کار – بۆ نمونەمرۆڤ چەند جار کار دەگۆڕن و ماوەی چەند بێکار دەبن. لەبەر ئەوە زیاتر لە جارێک وتووێژ لەگەڵ هەموو بەشداربووواندا دەکەین، بەشێوەیەکی گشتیی هەشت جار، وەلێ بەماوەی سێ مانگ لەنێوان ئەو جارانەدا.

دەشێت لەبەشێکی وتووێژەکاندا سەبارەت بەبازاڕیکار پرسیاری زیاتر بکەین، بۆ نمونەدەربارەی ژینگەی کار.

ئایا دەتوانم وتووێژەکەبەزمانی تریش ئەنجام بدەم؟

ئەگەر پێت باشەبەزمانێکی تر و کەسویدی نەبێت توێژەکەت لەگەڵدا بکرێت، ئەوا بۆت دەڕەخسێنین ئەگەر تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە019-17 65 30 بکەیت. یاخود پەیامێك بۆ ئیمایلی (aku-tolk@scb.se)بنێریت. هەروەها وەرگێڕی زمانی هێما (زمانی کەڕ ولاڵ)، بەهەمان ژمارەتەلەفۆن و ناونیشان بەکاردەهێنرێت.

دەکرێت لەجیاتی من ناسیارێکم وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە؟

باشترین شت ئەوەیەکە وتووێژەکەلەگەڵ خۆتدا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کە وەڵامەکان هی خۆت بن. ئەگەر ویستت بەشداری بکەیت بەڵام بۆت نەکرێت، ئەوا هاوسەرەکەت، هاوژینەکەت، دایك و باوکت یاخود منداڵێکی پێگەیشتووت ئەتوانن لەجیاتی تۆ وەڵام بدەنەوە، بەمەرجێك بەیەکەوە بژین. خەڵکانی تریش دەتوانن لەجیاتی تۆ وەڵام بدەنەوە ئەگەر تۆ مۆڵەتیان پێ بدەیت.

ئایا هیچ قەرەبوویەکی دارایی وەردەگرم لەبەرامبەر بەشداربوونم؟

نەخێر، هیچ دەرفەتێك نیە بۆ قەرەبووکردنی ئەو کەسانەی کەبەشداریی لە لێکۆڵینەوەکەدا دەکەن.

ئایا زانیاری زیاتر لە جێگەی تردا بەدەست دەکەوێت؟

زانیاری زیاتر دەربارەی لێکۆڵینەوەکە، هەم دەربارەی میتۆدەکان و هەم دەربارەی بەرەنجامەکانیش، لەم ماڵپەڕە بەدەست دەکەوێت www.scb.se/aku.

ئەگەر پرسیار یان تێبینیت هەبێت....

دەتوانیت بەتەلەفۆن یاخود بەنووسراو پەیوەندیمان پێوەبکەیت، کەکار لەتەك لێکۆڵینەوەی هێزی کار دەکەین.

ژمارەتەلەفۆن: 60 942 506-08
ئیمایڵ: aku@scb.se